
# هیچ کەسێك بەبردنی نوسینی کەسانی دی نابێت بەنووسەر


عومەر کەریم بەرزنجی



جوانی
چاوەکانت

هەرچیم هەیە..
پێت ببەخشم ناکاتە..
بڕی ئەو..
ماچەی..
تۆ پێم ئەبەخشی
ئەی ئەستێرەی
درەوشاوەی ئاسمانی خەونەکانم
چی ئەتوانێ جوانی چاوەکانی
تۆم بیر بەرێتەوە
هەرگیزاو هەرگیز
هیچ شتێك ناتوانێ
ئەو چاوە جوانانەی تۆ
لە ناخم بسڕێتەوە
چی دەبێ گەر لە ئامێزتا
بە تیشکی چاوەکانتا گڕی ناخم
بکوژێتەوە..
بکوژێتەوە..

عبدالله ی وەستا عباس



جــــوانی

هەرچیم هەیە پێت
بەخشم ناکاتە بڕی ئەو
ماچەی تۆ پێم
دەدەی،ئەی ئەستێرەی
درەوشاوەی ئاسمانی
خەونەکانم،چی ئەتوانی
جوانی تۆم
بیربەرێتەوە،هەرگیس
هیچ شتێك ناتوانی
ئەوجوانییەت لەناخم دا
بسرێتەوە، چی دەبی
گەر لەئامێزتا گڕی ناخم
بکوژێتەوە ئەی
گولەباخی خەونی من تۆ
هەمیشە گەشتردەبی.

شێرکۆ ئەحمەد

لە ژمارە( 57 )ی هەفتەنامەی شارستانیداو لە لاپەڕە( 7 )دا شیعرێك بەناونیشانی( جوانی چاوەکانت ) بڵاوکراوەتەوە و لە ژێریدا ناوی عبداللەی وەستا عباس نوسراوە, گوایە ئەمە شیعری ئەوبرادەرەیە, ئەوەی جێگای سەرنجە ئەم بابەتە لەهەمان هەفتەنامەو لە ژمارە( 37 )دا لە دوالاپەڕەدا بەشێوەی پەخشان لەژێر ناونیشانی( جوانی ) و بەناوی( شێرکۆ ئەحمەد ) بڵاو کراوەتەوە, ئەم بابەتە لە نوسینی منەو هەرخۆیشم لەم هەفتەنامەیەدا کە ئیشم تێیدا دەکرد بڵاوم کردۆتەوە, ئەم نوسینەم بەمەبەستی ئاگاداربوونی خوێنەران و ئەو برادەرەیە کە بەناوی خۆیەوە بڵاوی کردۆتەوەو بەداخەوە ستافی هەفتەنامەکەش لەوکارە بێئاگابوون و بەسەریاندا تێپەڕیوە, ئەم برادەرە تەنها دەستکارییەکی کەمی کردووە و خوێنەر بەسەرنجدان لە هەردوو دەقەکە ئەو ڕاستییەی بۆ ئاشکرا دەبێت, لێرەدا بەو برادەرە دەڵێم ئەگەر ئارەزووی نوسینی هەیە, دەتوانێت بەهەوڵ وماندوبوونی خۆی ببێت بەنووسەر, نەك بەبڵاوکردنەوەی بابەتی کەسانی دی بەناوی خۆتەوە, ئەگەرچی شیعرو پەخشانە شیعر دەنووسم وەلێ خۆم بەشاعیر نازانم, نازانم ئەو برادەرە بەبڵاو کردنەوەی بابەتی کەسانی تر دەیەوێت ببێت بەنووسەر,کە ئەمەش کارێکی مەحاڵەو ناتوانێت و هەرزوو ئاشکرا دەبێت, ئەگەرچی لە زۆربەی ئەو بەرنامانەی لە رادیۆوە بڵاودەبنەوەو شیعر بڵاودەکەنەوە گوێ بیستی زۆر شیعر دەبم بەناوی کەسانێکەوە کە نووسەری شیعرەکە نین, ئەمەش دیاردەیەکی ناتەندروستە کەسانێك بێنو بەرهەمی کەسانی تر بەناوی خۆیانەوە بڵاو بکەنەوە, ئەم رونکردنەوەیەشم تەنها بەمەبەستی بەئاگاهێنانەوەی ئەم برادەرەو ئاگادارکردنەوەی ستافی هەفتەنامەکە بوو تا جارێکی تر شتی لەم جۆرە بەسەریاندا تێنە پەڕێت.